# پەیامی خەڵکانی سلێمانی

*بەبەبریارێکی حکومەتی هەرێمی کوردستان کرێی پاس لە ٢٥٠ دینارەوە کرا بە ٣٥٠ دینار کەچی ئێستا زۆربەی شۆفێری پاسەکان ٥٠٠ دینار لە هاوڵاتیان وەر دەگرن بە بیانوی ئەوەی کە وردەیان لانیە.!

**شێنێ محەمەد**

*من نازانم وەزارەتی تەندروستی کاری چییە؟ ئەگەر لێ پێچینەوە لەگەڵ ئەو کەسانە نەکات کە لەناو کۆڵانی گەرەکەکان عیادەیان کردۆتەوەو، بەئارەزووی خۆیان دەرمان بەگران بەخەڵکی دەفرۆشن و زۆربەشیان شارەزاییان لە بواری پزیشکی نیەو دەرمانەکانیشیان بەسەرچووە؟

**ئازاد حەمید**

زۆربەی هۆڵەکانی یاریکردن لەشاری سلێمانی مەرجی تەندروستی تێدانیە، پێوستە هەر یاریزانێک دوای تەواو بوونی وەرزش بچێت لەگەرماو خۆی بشوات، کەچی زۆربەی هۆڵەکانی گەرماوی تێدانیە وەرزشەوانان دەبێت بچن لەماڵەوە خۆیان بشۆن.

**موحسین عەبدوڵا**

بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی فەرهەنگی وەرزشوانان و جوانکردنی وێنەی شار ئێویستە یاریزانەکان جلی یاریەکانیان بخەنە نێو کۆڵەپشتی نەک وەک کرێکارەن لەناو عەلاگە هەڵی بگرن و بۆ هۆڵی یاریکردن برۆن.

**یاریزانێک**

## دوکانەکانی سەر پردی سەیداوە دەسووتێن



کاتژمێر (٣) ی شەوی ١٨-٦-٢٠٠٧ دوکانەکانی سەر پردی سەیداوەی شاری هەولێر ئاگری تێبەربوو .

پەیامنێری رۆژی گەل بۆ زانیاری زیاتر دوکاندارەکانی دواندو یەکێک لەدوکاندارەکان گوتی: ئێمە چەند کاسبکارێکین کە رۆژانە بژێوی ژیانمان لێرە پەیدا دەکەین و کات ژمێر ٣ی شەو خەبەریان بۆمان هێنا کە دوکانەکانمان ئاگری گرتووەو زەرەرێکی زۆری لێمانداوە من بری ٥٠٠ دۆلار زەرەرم لێ کەوتووەو کە کۆی گشتی زەرەری تەواوی دوکانەکان دەگاتە ٧٠ دەفتەر دۆلار هۆکارەکەشی دەگەرێتەوە بۆ شۆرتی کارەبا هەروەها گوتی: دوێنێ پارێزگاری هەولێر سەردانی کردووین و بەڵانی قەرەبووش کردنەوەیان پێمان داوە دوکاندارێکی تر وتی: ئاگرەکە خوانەبێت کەس نازانێت چۆن کەوتۆتەوە، من هەندێک مەوادی کارەبایم سووتاوە کە بای سێ دەفتەر دۆلارە و لەلایەن پارێزگای هەولێر ناویان نووسین بۆ قەرەبو کردنەوە

**سازدان و وێنە رەوەند حاجی**

## دوکانی هەژاران دەسووتێن !

کاتێک هەواڵی سووتانی دوکانی هەژارانی شاری هەولێرم بیست یەکسەر دڵم داخورپاو گوتم خوایە دووبارەکردنەوەی سیناریۆی سووتانی بازاڕی لەنگەفرۆشانی هەولێر نەبێ؟!

ئەگەر بێتەوە بیرتان سێ ساڵ بەدوای یەکەوە بازاڕی لەنگەفرۆشانی هەولێر هەڵکەوتوو لە نزیک نێوەڕاستی شار کە شوێنی باشی هەبوو، سووتا و پەنجەی تۆمەت بۆ هەندێ لایەن درێژکراو باس لەوەکرا کە مرخیان لە زەویەکە خۆشکردووە، ئاکام وادەرچوو، کاتێک بەزۆر بۆ شوێنێکی دیکە گوازرانەوەو زەویەکەیان لێسەندرایەوە دەرکەوت کە ئێتر جارێکی دیکە بازاڕی لەنگەفرۆشان ناسووتێتەوە. ئەو کات بانگەشەی ئەوە دەکرا کە بازاڕی لەنگەفرۆشان بۆیە دەسووتێ چونکە لەسەر گۆڕی پیاوچاکان دروست کراوە!! ئەوانیش پێیان ناخۆشەو دەیسووتێنن. دەیانویست بەو قسە قۆڕانەوە خەڵکی سادە فریو بدەن، بەڵام کاتێک گۆڕستانێکی گەورەی تژی پیاو چاک تێکدراو بۆ خواپیداوێک بازاڕێکی مۆدرێن دروست کرا ئەو پیاوچاکانە هیچیان بۆ نەکرا!!

ئێستا کە کێشەی سووتانی ژمارەیەک دوکان کە لەشوێنێکی باش هەڵکەوتووە، گومان لەوە دەکرێ کە خوا پێداوێکی دیکە مرخی خۆی لە زەویەکە خۆشکردبێ و سیناریۆی سووتاندنی هێنابێتەوە ئاراوە، چونکە خاوەن دوکانەکان دەڵێن چەندین جار لە لایەن شارەوانیەوە ئاگادار کراوینەتەوە کە دەبێ چۆلی بکەین و لە شوێنێکی دیکە زەوی وەربگرین!!

هەروەها یەکێک لە خاوەن دوکانەکان دەیگوت: باوەڕ بکەن کاتێ دووکانەکان سووتان، سەیارەیەکی ئاگر کوژێنەوە هاتبوو، ماوەیەک خۆی خافڵاندو بە بیانۆی ئەوەی ماتۆڕەکانی کار ناکەن هیچی نەکرد تەنیا سەیری ئاگرەکەی کرد، کاتێکیش ئاگرەکە گەورەتر بوو ئێتر کۆنترۆڵ نەکرا.

من جارێ ناتوانم بڵێم کە سیناریۆیە، بەڵام ئەگەر وەکو لەنگەفرۆشانیان لێهات و ناچار کران کە چۆلی بکەن و بچن لە شوێنێکی دیکە دوکانەکانیان دروست بکەنەوە، ئەو کاتە من دەڵێم ئەم سووتانە دەستی لە پشتەوەیە.

ئێستا لە خوا دەپاڕێمەوە کە ئەمانە تەنیا گومان بن و بەس، شارەوانیش گوشار نەخاتە سەر خاوەن دوکانەکان بۆ گواستنەوەو چۆلکردن.

**کوردێکی بێناو( جارێ ناوم نانووسم)**

# رۆشنبیری هەرچی کێشەی کۆمەڵگەیە چارەسەری دەکات



سەبارەت بەکێشەی تەڵاق بەپێویستمان زانی سەردانی دادگەی شاری سلێمانی بکەین و بۆ ئەوەی هۆکاری ئەم کێشەیە بزانین و تا چ رادەیەک حکومەت و کۆمەڵگە پەیوەندیان بەیەکەوە هەیە بۆ ئەوەی هاوکاربن تاکو رێژەی تەڵاق کەم بێتەوە.

لە چەندپرسیارێکی (رۆژی گەل) دا کە ئاراستەی دادوەر (کەمال رەشید) ) دادوەری یەکەمی باری کەسیەتی سلێمانی کرا سەبارەت بە بەرزبووبەوەی رێژەی تەڵاق بەرێزی بەم جۆرە وەڵامی پرسیارەکانی داینەوە

**هۆکاری بەرزبوونەوەی رێژەی تەڵاق بۆچی دەگەرێتەوە؟**

بۆ دروست بوونی کێشە لەنێوان خێزانەکاندا هۆکار زۆرن، بەڵام هۆکاری سەرەکی کەدەبێتە هۆی نارەحەتی و جیابوونەوەی خێزانەکان لەیەکتر، ئەمەیە کە ئاستی رۆشنبیری خەڵکی ئێمە زۆر لەخوارەوەیەو هێزی بیرکردنەوەی خەڵک و تەجرەبە و ئەزموونیان کەمە، وەکو حکومەت کە سەرپەرشتی میللەت دەبێ چەند رێگەیەک بگرێتەبەر، بۆ نموونە قەدەغە کردنی بینای تیجاری و کردنیان بەبینای مەسکونی دووهەم دۆزینەوەی ئیش بۆ خەڵک بەتایبەت بۆ گەنجان، چاودێری کردنی وردی بازارەکان لەسەر کەم کردنەوەی گرانی، تەجرەبە وەرگرتن لەوڵاتانی پێشکەوتوو تاکو خەڵک بەرەو ئەوروپا نەڕوات ئەمانە هەمووی کێشەن.

**ئەی جیاواز لەمانە وەکو میللەت چی بکەن بەتایبەتی گەنج تاکو دوور بکەونەوە لەکێشەی تەڵاق؟**

بەڵێ، خەڵک دەبێ بواری رۆشنبیری کۆمەڵایەتی بەرزبکاتەوە و بیر لەپێکەوە ژیان وەک پەروەردەکردنی ژن و منداڵ و وەک کارکردن بکاتەوە، ئەمەیش گرنگە ئێستا زۆربەی گەنجەکانی ئێمە لە ١٥ساڵیدا ژن دەهێنن کە ئەمە بەراستی کێشەیە، چونکە تەمەنی ئەو تەجرەبەی کارکردن و هەڵسوکەوت کردن لەگەڵ کۆمەڵگە لەو ئاستەدانیە بۆیە زۆربەی جار دەبێتە کێشە لەنێوان ژن و مێردا، دەبێ ئەو کەسەی کە ژن دەهێنێ لەپێشدا هەموو پێداویستیەکانی دابین بکات تەجرەبەو ئەزموونی کۆمەڵایەتی زۆربێت.

**حکومەت چی بکات تاکو ژیانی خەڵک بەرەو پێشەوە ببات و ئاستی رۆشنبیری خەڵک بەرزبکاتەوە؟**

وەکو حکومەت، دەبێ زەخت بخاتە سەر دەزگاکانی راگەیاندن کە بەرنامەکانیان لەسەر ئاگادارکردنەوەی خەڵک و بواری رۆشنبیری پەرەپێ بدەن ئێستا هەموو کەناڵەکان بوونەتە ریکلام و پارە پەیدا کردن و پەروەردەی خەڵکیان لەبیرچۆتەوە، بۆیە گرنگر دەزگاکانی راگەیاندن پەرە بەراهێنانی خەڵکی بدەن لەرووی رۆشنبیرییەوە.

**پێتوانیە دابەشکردنی زەوی چارەسەری ئەم کێشەیە بکات؟**

بەدابەشکردنی زەوی کێشەکان چارەسەر ناکرێت چونکە ئەگەر گەنجێک ئیشی نەبێت و سەرچاوەی دارایی نەبێت بەچی زەوی بکات بەخانوو، دەبێ زەویش خزمەتگوزاری هەبێت، دەبێ حکومەت بەرهەمی جوتیاران بکرێتەوە و خزمەتی گوندەکان بکات و کارگە بکرێتەوە بۆ ئەوەی گەنجان کاری تیابکەن، وەکو رێژەی بیکاری کەم بێتەوە.

**ئایا هۆیانەی کەباسمان لێوەکردن دەبێتە کێشە لەنێوان ژن ومێردا، بۆ تەڵاق وەرگرتن یا هیچ لیژنەیەک هەیە پێش دادگە بۆ یەک خستنەوەی خێزان کاربکات؟**

ئێمە دژی لیژنەی سەربەخۆین کەلەدەرەوەی دادگە ئیش بکات ئێمە لەدادگە خۆمان دەستەی راوێژکاریمان هەیە تا ئەو رادەیی بتوانین دژ بەتەڵاق دەوەستین و حەز بەجیابونەوەی هیچ خێزانێک ناکەین، بۆ یەکخستنەوەیان هەوڵدەدەین بەڵام تاکو کێشە سەرەکیەکان چارەسەر نەکرێن رێژێەی تەڵاق هەر لەزیادبووندا دەبێت، دەبێ رەقابەی غەیر مەشروع قەدەغ بکرێت، دەبێ رقبەی تیجاری نەمێنێت، کەسانێک هەبوون ١٠ وەرەقەیان نەبوو ئێستا خاوەنی دەیان دەفتەر دۆلارە، خانوو هەیە بەیەک وەرەقەش کەس نایگرێت بەڵام لەبەر نەبوونی سەکەن بەناچاری ئەگەر سێ وەرەقەش بێت دەیگرێ، ئێمە زۆر کێشەمان هەیە کە حکومەت بەخێرایی دەبێ چارەسەری بکات.

سەبارەت بەرێژەی تەڵاق دادوەر(کەمال رەشید) رایگەیاند: پار ئاماری تەڵاقی روتی (٣٧٤) دەعوابووە کە (١٣٨)ی بەکاملی لەیەک جیابوونەتەوە، لەتەڵاقی تەصدیق (٥٦٥) دەعوابووە کە (٣٤٩)ی قەراری جیابوونەوەی بۆ دەرچووەو (٢٠٢) بەتاڵ کراونەتەوە. لەتەڵاقی تەفریق دا، (٩٨٥) دەعوا بووە کە (٣٧٥)ی جیابوونەتەوە،( ٤٨٧)ی بەتاڵ کراوەو (١٣٤) بۆ ساڵی ٢٠٠٧ گەراوەتەوەو ئەمساڵیش تاکۆتایی ساڵ ناتوانین ئامارێکی دروستان پێ بدەین.

وڵاتی (م،ر) سەبارەت بەکێشەی خێزانی خۆیان گوتی: ئێمە لەماڵەوە زۆرین جێگەی هەموومان نابێتەوە، ئیش وکاریش لاوازبووەو کرێی خانووش لە سەروی عەقڵەوەیە، بۆیە زۆرجار لەماڵەوە لەگەڵ دایک باوکمان کێشەمان بۆ دروست دەبێت،بۆیە ئێستا کارمان گەیشتۆتە تەڵاق، کە لەدڵەوە حەزیش ناکەین بەڵام کێشەو گرفتەکان وازمان لێ ناهێنن.

وڵاتی (سەیران،ع) سەبارەت بەکێشەکەی گوتی: ئێمە رومان نیە لەماڵی خەزوران پێکەوە بخەوین یان ژورێکی تایبەتمان هەبێت، شوەکەشم کاری نیە و ناتوانێ خانوو بەکرێ بگرێ چونکە زۆرگرانە، ئەمەش ژیانی لێمان تاڵ کرد.

وڵاتی (س،ڕ) کە گەنجێکی ٢٤ ساڵە گوتی: من ساڵێکە ژنم مارەکردووەو ئێستا ناتوانم بی گوازمەوە بەهۆی گرانی کرێ خانوو و کەرەستەی ناوماڵ، بۆیە دەمەوێت دەستگیرانەکەم لێم جیابێتەوە، تاکو ئەویش بەدبەخت نەکەم، خەڵکپرۆسەی هاوسەرگیری بۆ خۆشی ژیان دەبەستێ بەڵام ئێمە بۆ رۆژێکی رەش دەبێ خۆمان بۆ خەم و ئازار ئامادەبکەین بەراستی ئەمەس هەمووی لەئەستۆی دەسەڵاتە گوناهی ئەوانە.

هەر سەبارەت بەم کێشەیە وڵاتی (م،م)گوتی: من ژنەکەم زۆر خۆشدەوێت کەچی ئەو دڵی لەمن پیسەو لەگەڵ هەرکەسێک مەرحەبایی بکەم ئەوشوە شەرو ئاژاوایە لەماڵی ئێمە، من بەهۆی کارەوە زۆر هیلاکم و ناتوانم زۆر لەگەڵی دابنیشم قسەبکەم ئەویش واهەدت دەکات کەمن خۆشم ناوێت داوای تەڵاق دەکات.

**سازدانی/ هێرش عەبدوڵا**

## وێنە دەدوێ



لەوانەیە پارکی ئازادی سەتڵی خۆڵی لێ نەبێت